مالیکی: ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا سەرکەوتنێکە بۆ ئیرادەی نیشتمانی و پارێزەرێکی دیموکراسییە

SKY NEWS
العربية

سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، نووری مالیکی، ڕۆژی هەینی دووپاتی کردەوە کە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا نوێنەرایەتی ساتێکی گرنگی نیشتمانی و سەرکەوتنە بۆ ئیرادەی نیشتمانی، جەختی لەوە کردەوە کە هەوڵەکانی هەندێک لایەن بۆ ڕاگرتنی هەڵبژاردن بە ئامانجی ڕاکێشانی وڵات بەرەو پشێوی و ناسەقامگیری بووە.

مالیکی لە وتارێکدا کە موتڵەع بەدواداچوونی بۆ کردووە، ڕایگەیاند، "هەڵوێستی یەکگرتووی هێزە سیاسییەکان وای لێکردین کە وادەی هەڵبژاردنی دەستووری بپارێزین سەرەڕای هەوڵدان بۆ دواخستنی"، ئاماژەی بەوەشکرد "پابەندبوون بە وادەی دەستووری بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری عێراق زۆر پێویستە".

وتیشی، گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات یەکێکە لە دەستکەوتە گرنگەکانی ئەو پڕۆسە سیاسییەی کە عێراقییەکان بەخوێنی خۆیان بنیاتیان ناوە، جەختیشیکردەوە "ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا هەنگاوێکی گرنگە بۆ سەقامگیری سیاسی و ئەمنی و ئابووری عێراق".

مالیکی لە کۆتایی قسەکانیدا ڕایگەیاند کە "ئەوانەی هاندەری تایفەگەری دەبن، پشتیوانی و پاڵپشتی لە هەندێک لایەنی ناوخۆیی و دەرەکی وەردەگرن"، داوای یەکێتی نەتەوەیی کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم

هەوڵانە و پاراستنی پرۆسەی دیموکراسی لە وڵاتەکەدا.